
# هەڵەبجەمان بدەنەوە... پارە و كۆمەكەكانی بۆ خۆتان



**هەردی مەهدی میكە**
Hardi_mahdi@yahoo.com

(ئەم بابەتە پێشكەشە بە رۆحی تایەربەگی جاف و ئەو هەناسانەی كە ئەمڕۆ هەوڵدەدەن جارێكیتر هەڵەبجەی بەرلە كارەسات زیندوو دەكەنەوە، لەوانەش مامۆستا و دۆستی ئەزیزم **(ئەكرەم عەنەبی)** كە پارساڵ كاریگەرترین وتاری بەو ئاراستەیەدا نووسی)

## دڵ لە دووریت ئاگری گرت بەسیە یاری نازەنین
## تۆی عەلاجی دەردی (تاهیر) زوو بەهاوارام وەرە

مێژووی هەڵەبجە مێژووی هەشتاوهەشت نیە ، هەروەك چۆن مێژوویەكی تریشی جەنگی حزبەكان نیە، هەڵەبجە لە وەسمان پاشا و گوزەری جاف و گۆرانەوە دەست پێدەكات و بە مەڵبەندی شیعر و شانۆ و حەقیقەتی هونەر و ئەفسانەی جوانیدا تێدەپەرێت و تا دەگاتە خراپترین دۆخی هەڵەبجە كە هەڵەبجەییەكان و حزبەكان و وتارە فرمێسكاویەكان خوڵقاندویانە بۆ ئەوانەش بە دڵسۆزی و بە هەرچی بێت بەسەر هەڵەبجەدا دەگرین. ئەوانە كارەساتی كیمیایی دووقات و سێ قات دەكەنەوە، هەڵەبجە پێكەنین و شاری شانۆ و لیریكی گۆرانی دەوێت، ئەمەش ئەبێت خۆی دروستیكاتەوە و كەس لە دەرەوە نەچێتە ناویەوە بۆ ئەوەی دروستی كاتەوە، نا ئەبێت لێگەرێین دروست بینەوە ، بە فیسیڤاڵ و ئاهەنگ و گریان نابێت بە پێكەنین و ژیان و گوشادی دوبارە دەگەرێینەوە بۆ ئەوێ (هەڵەبجەی سەفا و سیاحەت).

دەمێكە دوانزە ماڵە و تایەر بەگ و ئەحمەد موختار و وەسمان پاشا و شانۆكانی پەنجاكانی سەدەی رابردوومان بیرچۆتەوە، ئای چ رۆژانێك بووە كە زیافەت سیمای هەڵەبجە و ئەوین و عەشق و لیریك خولیای تاكەكەسەكانی بوو.. ئێمە نەوەی دوای كیمیابارانین، كوان گەوهەرەكانی پێش ئەم كارەساتەمان بدەنەوە.

**⋆ هەڵەبجە بۆ هەڵەبجەییەكان .. نەك بۆ مۆزەخانە و گریانی ساڵانە**

هەژدە ساڵە فیستیڤاڵ و یاد و قۆرپاتی ورگی خۆتان بە هەڵەبجە ئەفرۆشنەوە، زەمەنێكە بیرمان دەكەنەوە و تەنیا هەڵەبجەشتان بیرنیە، نامەوێ لێرەدا دیسان هەست بە شكاوی برا هەڵەبجەییەكانی پێشووم لەبەردەم ئێوەدا دوبارە كەمەوە، كارەساتی هەڵەبجە دوقات مەكەنەوە ، ئێوە ئەزانن لە نەستی خەڵكی ئەم شارەدا خودی هەڵەبجەیی بوون بیرچۆتەوە، ئەزانن بۆ؟ چونكە بەردەوام و بەتایبەت لە (نیسان و مانگی درۆی هەڵەبجە 3/16)دا بیری مەزلومگەری ئێوەی چاوچنۆك و شەهوەتباز بۆ هەڵەبجە ئاراستە ئەبێت.. ئێوە ئەی ئەوانەی بەسەر هەڵەبجەدا ئەگرین رقم لێتانە هێندەی صەدام (لێپرسراو و شاعیر و رۆشنبیر و ئەوانی تریش..).. ئێوە ئەتانەوێ بەردەوام هەڵەبجە هەڵەبجە نەبێت.. ئێوەن شارێكتان كردۆتە مشتێك كەمی و خۆ بە بچوك زانین.. هەمیشە بەزەییتان بە هەڵەبجەدا دێتەوە وەك چۆن بەزەییتان بە سەگێك و منالێك و بێ نەوایەكدا دێتەوە..

**⋆⋆ پەیامێك بۆ شارەوانیە خەوتوەكەی هەڵەبجە .. دەروازەی شار یان دەروازەی مەرگ؟؟!**

ئەمرۆ هەر لە دەروازەی شارەوە وێنەیەكی گریاناویتان داناوە بۆ هەڵەبجە وەك بڵێ ئەم شارە تەنها كوشتن مێژووەكەی بووە ، وێنەیەك كە لە نەستی هەموو كەسێكدا ئەم شارەی بە دۆزەخ دێتە بەرچاو لەكاتێكدا مێژووی كارەسات كە هەژدەساڵە لەچاو

مێژووی 250 ساڵەی هەڵەبجەدا هیچ نیە ئەدی بۆ وێنەیەکی ئەحمەد موختار جاف یان تایەر بەگتان نەکردە پەیکەرێك بۆ دەروازە تا کانی عاشقان و شیعری پڕ لە تەڕی و ژیان و جوانیمان بیرکەوێتەوە

(بە غەمزەی چاوی مەخموری سیاهی مەستی مەی کردین

بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین)

نەك ئەوەتان نەکرد بگرە ماڵەکەی وەسمان پاشاتان فرۆشتەوە بە بەرپرسێکی گەورەی حکومی و رۆژ دوای رۆژ دەیکاتە حاویە و دەیرِوخێنێ هاکا کردیە سوپەرمارکێتێکی مۆدێرن کە کۆنترین ئاسەواری هەڵەبجەیە.

ئەبێت بیرتان بهێنمەوە هەڵەبجە ئەوە نەبوو.. ئێوە حزبەکان دوای راپەڕین بەبەزەیی و جەنگ سیمای شارتان گۆڕی.. هەمومانتان بچوککردەوە ئێوە بەرپرسەکانی جەنگی ناوخۆ کۆلاَن بەکۆلاَنی هەڵەبجە ئەزانن نەك بۆ ئەوەی بیری شەهیدان بکەنەوە بۆ ئەوەی بەدوای براکەتاندا بگەڕێن و بیکوژن.. بەڵێ ئێوە پیاوانی جەنگی براکوژی و ناموسبڕی یەکتر..

هەڵەبجە سیمبولی زیافەت و شیعر و نالی و گۆران و کیژە ناسکەکان بوو.. ئێوە ئەم سیمبولەتان گۆڕی بۆ سەرکردەکانی جەنگی ناوخۆ و گەڕەکی شمشێر و جەنگاوەر ئێستە هەڵەبجە دەڵێ پارچەیەکە لە ئاگری جەنگی ناوخۆ .. من مێردمناڵیم لە جەنگی ناوخۆدا گەورەکرد ئەمرۆ تەنها ئەوەم بیردێتەوە کە هەڵەبجە باروتی براکوژیە.. بەدەست خۆم نیە بێبەهای سێ حزبی سیاسی سالاَنی نەوەد و سێ بۆ نەوەد و هەشت کە بالاَدەستی هەڵەبجە بوون و ئەمەی دوایشی لەسەربێت بیردێتەوە.

**⋆⋆ هەڵەبجەییەکان و بە خۆداچونەوە**

ئەمرۆ هەڵەبجەییەکان لە هەڵەیەکی دیکەدان کە بەردەوام بۆ بەزەیی ئەڕوانن بۆ لێپرسراو خەڵکانی دەرەوەی هەڵەبجە بەڕاستی ئەمە کارەساتێکی دیکەیە بەسەر هەڵەبجەدا دێت گەر بە خۆماندا نەچینەوە.. هەست بەکەمی دروست دەکات هێندە وتراوە هەڵەبجە مەزلۆمە وا ئەمرۆ پاش پانزەساڵ هاولاَتیەکانی بە فیعلی مەزلۆم بوون.

ئەبێت هەڵەبجە واز لە کارەساتەکە بێنێت ئەوەی گرنگە دەبێت مێژووی خۆی لەم کارەساتەوە نەنوسێتەوە بەڵکو لە وەسمان پاشاوە مێژووی هەڵەبجەوە نەك لەو رۆژەوە کە بەعسیەکان و ئێرانیەکان و هێزە کوردیەکان هەڵەبجە دەکەنە قەرەبرووت و هەشتاو هەشت دروست دەکەن.

کارەساتەکە فەرامۆش کەن بۆ کورد تازە سودێکی بۆ ئێوە نیە چونکە ئەو کارەساتە بۆ ناسنامەی کورد سودمەندە گەر کوردەکان ئەیانەوێ ، بەلاَم بەچی دەچێت سەرکردەکان هەر بیریشیان لەم قسەیە نیە، ئەنفال و هەڵەبجە لە مولکی دوو ناوچەوە دەرچوون، ئەگەرچی بەداخەوە تا ئەمرۆش زیانەکانیان لەم دوناوچەیەدا ماوە .. بۆیە لە نەستی ئەم هاولاَتیانی ئەم دوو ناوچەیەدا ئەبێت ئەوە لەبیر ببرێتەوە چونکە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی دۆڕاوی دروستکردوە و کە ئەنجامەکەی دانانی مێژووی ئەم شار و ناوچەیە.